﴿35﴾

# عیبادەتی خوا

## لە بەرژەوەندی کۆمەڵدایە

خوای گەورە لەقورئاندا دەفەرموێ ﴿ وما ارسلناك إلا رحمه للعالمين﴾[1] ئاینی ئیسلام وە ناردنی محمد المصگفى ﷺ رەحمەتە بۆ مرۆڤ و پەری، رەحمەتی ئیسلام کە کافرانیشی گرتۆتەوە، ئاژەڵی گرتۆتەوە، رووەکی گرتۆتەوە، هەموومان باوەڕ ئەکەین کەشەریعەتی خوای گەورە هاتووە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ هاتووە بۆ خێری دنیاوە خێری قیامەت وە دوور خستنەوەی شەڕ لەتاك و لەکۆمەڵ وەهێنانی خێر بۆ تاك وبۆ کۆمەڵ، بەڵام لای خەڵك بەگشتیو لای زۆر موسڵمان ئەم باوەڕە تۆوێکە ئاو نەدراوە، زانیاریەکە تەنها لەسەر زمانەو دەوترێت: شەریعەتەکەمان خێری ئینسانی ئەویۆ زەرەری ناویۆ ... هتد، هەموو بەزمان ئەیڵێین بەڵام ئەبێ بەئاوی هوشیاری (وعی) ئاو بدرێ، بۆ ئەوەی ببێتە زانست و حاڵ، حاڵ لەڕوانگەی ئیسلامەوە یەعنی نور، نورێکە خوای گەورە ئەیخاتە دڵی خۆشەویستانی خۆیەوە، ئەو دڵە رۆشن ئەبێتەوە، پاشان ئەو مەعریفەو حاڵ ونورە لەکردارو رەفتاریا دەرئەکەوێ، خۆی سوودی لێ وەرئەگرێ، ئەوانەی لەدەوروبەریدان سوودی لێ وەرئەگرن، زانستی حەقیقی ئەبێ ئاوەها بێت، ئەگینا زانستی سەر زمان بێ بەرەکەتە هەرچی مەعلوماتێکمان هەیە سەبارەت بەشەریعەتی خوای گەورە بابیگەیەنینە ئاستێك کەببێتە حاڵ و زانست ببێتە نورو هەر قسەی سەر زمان نەبێ، ئامانجی شەریعەتی خوای گەورە (٥) مەبەستی سەرەکی هەیە، دین واتە شەریعەتی خوای گەورە هەوڵ ئەدا بۆچی؟

یەکەم: بۆ گەیاندن و چەسپاندنی بەهاکانی ئاسمان یەعنی عەقیدەو رەوشت بۆ دڵی هەموو مرۆڤێك.

دووەم: پاراستنی ژیانی ئینسان واتە: پاراستنی نەفسی ئینسان.

سیهەم: پاراستنی عەقلی ئینسان گەشە پیدان و پاراستنی لەهەموو جۆرە گومانی وەلەهەموو جۆرە دەردی.

چوارەم: پاراستنی شەرەف و ناموسی ئینسان.

پینجەم: پاراستنی سامانی مرۆڤ.

ئەم پینج مەبەستە شەرعیە هەمووی لەبەرژەوەندی تاك و کۆمەلدایە، یەکەمیان: بیروباوەرە، ئیمانە، ئایینە، شەریعەت هەولئەدا ئایینبچیتە دلی هەموو ئینسانیکەوە وەهەموو ئینسانی جی بەجی کا، گرنگترین میکانیزم بۆ چەسپاندنی ئەم دینە لەعیبادەتەوەیە وەگرنگترین عیبادەت نویژە، با ئەم عیبادەتانە شیتەل بکەینەوەو بزانین تا چ رادەیەك لەبەرژەوەندی ئینسانایە، لەبەرژەوەندی کۆمەڵایە، چونکە: نەخۆشیەك هاتووە لە ئایینە دەستکاری

---

([1]) الأنبياء / ١٠٧.

کراوەکانەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەڵێ: عیبادەت بریتی‌یە لەپەیوەندی ئینسان لەگەڵ خوای خۆی‌دا بەڵام لای ئێمە نەخێر، بریتیە لەپەیوەندی ئینسان لەگەڵ خوای گەورەو لەگەڵ کۆمەڵا بەگەیاندنی خێرو بەرەکەت بۆ کۆمەڵ، بەرژەوەندی مرۆڤ دووبەشە، بەشێکیان دوورخستنەوەی زەرەروزیانە، بەشەکەی تریشی هێنانی خێرو بەرەکەتەو سوود پێ گەیاندنە، ئایا لەعیبادەتا ئەم دوو مەرجە هەیە؟ ئایا ئەو مەبەستە شەرعیانە (ئەو پێنج خاڵەی کە باسمان کرد) ئەم مەرجانەی تیایە؟ بەڵێ لەهەموویاندا هەیە خوای گەورە لەقورئانا سەبارەت بەنوێژ دەفەرموێ: ﴿أن الصلاه تنهی عن الفحشاو والمنکر﴾[٢] نوێژ ئینسان دورئەخاتەوە لەهەموو کارێکی ناڕەوا، کەواتە: لە ڕێی نوێژەوە تاکەکەس دوور ئەکەوێتەوە لەهەموو زەرەرو زیانێك واتە: کۆمەڵیش دوور ئەکەوێتەوە لە زەرەرو زیانی ئەوتاکە کەسەی کە نوێژ دەکات.

ئەمە بەشی یەکەمی بەرژەوەندیەکەیە بەشی دووەمیش کە سوودو دەستکەوتە... مەگەر خوای گەورە خۆی بزانی چەندە!! تۆ پەیوەندی ئەکەی بەپەروەردگارەوە کەلامی خوا بەکار ئەهینی، بۆ گفتوگۆ لەگەل (الله) ئەبی پاداشتەکەی چەندبی! ئەبی سوودی قیامەتەکەی چەندبی، کە ئەچیتە سوجدەوە پیغەمبەری خوا ئەفەرموی ﴿أقرب مایکون العبد من ربه وهو ساجد﴾[٣] نزیکترین حال لەگەل زاتی خوای گەورە حالەتی کرنووشە ئەوپەری ریزو گەورەیی خوا پیشان ئەدەی، چۆن ئەمە بەبێ سوودی قیامەتی بەسەرتدا گوزەر ئەکات!؟

ئینجا بیینە سەر فەرموودەیەکی پیغەمبەر ﷺ کە دەفەرموی: (صلاه الجماعه أفچل من صلاه الفڎ بسبع وعشرین درجه)[٤] واتە: نویژیکی جەماعەت خیرو پاداشتی زیاترە لەنویژیکی تاکەکەس بە (٢٧) پلە، باشە با بیری بکەینەوە ئەگەر نویژ تەنها مەبەستەکەی ئەوەبی پەیوەندی بکەی بەخوای گەورەوە خۆ تاکە کەسەکە پەیوەندی کردوە بەخوای گەورەوە، ئەگەر مەبەستی ئەوەبی کەلامی خوا بەکاربهینی تاکە کەسەکە لەنویژە کا کەلامی خوای بەکارهیناوە قورئانی خویندووە سوجدەی بردووە، ئەی بۆچی لیرا ئەم نویژی جەماعەتە (٢٧) جار زیاترە، ئەبی هۆیەکی تیاهەبی ئەگینا ٢٧ جار لەو باشتر نابی، هۆیەکەی بوونی ئەوتاکەکەسەیە لەناو کۆمەلەکەیا بۆ ئەوەی خیر بدات بەکۆمەل هۆکارەکەی ئەوەیە خیرەکەی (٢٧) پلەیە کە تۆ خیرت بچیتە ناو کۆمەلەوە، ئایەتی ئەزانی بلاوی کەرەوە ئەمە فەرموودەی پیغەمبەری خوایە ﷺ فەقیر ئەدۆزیتەوە بەهۆی جەماعەتەوە دەولەمەند فەقیر ئەناسی، دەسەلات دار بی دەسەلات ئەناسی لەناو ئەو جەماعەتا پرۆسەی کامل بوون دروست ئەبی بۆشاییو پیویستی یەکتری پرئەکەنەوە، کەواتە: بۆمان دەرکەوت کە نویژ خیری تاکەکەسی تیایەو خیری کۆمەلی تیایە تاکەکەس دوور ئەخاتەوە لەشەر وە کۆمەل دوور ئەخاتەوە لەزەرەرو زیان، بەلام! حالەتی وا هەیە ئەو (٢٧) پلەیە بەتال ئەکاتەوە، حالەتی کە موسلمانی (سیر)ی خواردبی یان پیاز یان کەوەر هەر مادەیەك کە بۆنی هەبی بۆچی؟ بیربکەرەوە؟ لیرەدا جەماعەتەکەی کردووە!! ئەی بۆ خیرەکەی بۆ نانوسری؟ چونکە زەرەرئەدا! بزانە نویژ چەند گەورەیە!! چەند پەیوەستە بەکۆمەلگاوە!! کە خیرت هەیە بۆ کۆمەلگا بچۆ بەجەماعەت، خیرەکەت لە ٢٧ پلە زیاترە کە خیرت نی‌یەو شەرت هەیە نەچیت پیغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموی سەبارەت بەو بابەتە ﴿من اکل من هڎه الشجره فلا یقربن مسجدنا﴾[٥] واتە:

ئەوەی لەو شتەی خوارد بی مەبەستی لەو (سیر)ە، بی گومان زاناکان ئەلین پیاز، کەوەر، هەرشتیك ئەو سیفەتە زیان بەخشەی هەبی بۆنەکەی ئیزعاج بی بۆ نویژ کەران هەمان حوکمی هەیە (فلا یقربن مسجدنا) ئەوەی ئەو شتەی خواردووە بانزیکی مزگەوتەکەمان نەبیتەوە، لەریوایەتیکی ترا (من اکل من هڎه الشجره شیئا فلا یقربن

---

(٢) العنکبوت / ٤٥.

(٣) صحیح مسلم / کتاب الصلاة / رقم (٧٤٤).

(٤) متفق علیه. بە مەتنی (بخمس وعشرین درجة)ش هاتووە لەلای (البخاري) في الصحیح / کتاب ( شعب الایمان) الجزء ٣ / ص٤٨.

(٥) صحیح البخاري / کتاب الطعمة / رقم (٥٠٣١). هەروەها صحیح مسلم / رقم (٨٧٣).

أولا يصلين معنا)[٦] نزيكمان نەبيتەوە، لەگەلمان نويژ نەكات، كەواتە: بۆمان دەرئەكەوى ئەو عيبادەتانەى كەئەم شەريعەتە پيرۆزە نەخشەى بۆ كيشاوە خواى گەورە واى داناوە هەمووى لەبەرژەوەندى ئينسانايە، هەمووى زەرەر لەئينسان دوور ئەخاتەوە، زەرەر لەكۆمەل دوورئەخاتەوە وە ئينسان و كۆمەل ئەخاتە ناو سوودو قازانجەوە.

وەرە سەر رۆژوو، رۆژوو كەلە رەمەزانا فەرزە بيربكەرەوە هەر لەكۆمەلگايەكى ئيسلامى وەرگرە، بۆ نموونە: لەسەدا چەندى پيرە رۆژووى بۆ ناگيرى بەژن و پياوەوە؟؟ لەسەدا چەند نەخۆشن نەخۆشى يەكى هەميشەييان هەيە، ئەويش ريژەيەكى زۆرى هەيە، ريژەيەكيش تووشى سەفەريك ئەبن تووشى عوزريكى شەرعى ئەبن، هەنديكيش لەو مانگانەدا نەخۆش ئەكەون رۆژى دووررۆژ زياتر يان كەمتر، ئەمە كە فارەتەكەى چىيە؟ كەفارەتەكەى ئەوەيە ئينسانى برسى تير ئەكەى ئينسانى فەقير تيرئەكەى، ئايا سوود لەوە زياتر هەيە؟ كەواتە نەك هەر نويژ و رۆژوو سووديكى كۆمەلايەتى هەيە وە هەر هەموو ئەوەى نەخۆش كەوتووەو نەخۆش نەكەوتووە ئەوەى بەرۆژوو بووەو ئەوەى بەرۆژوو نەبووە مەرجە سەرفترە كە بدات، خيريكى راستەوخۆ بۆ فەقيرو هەژار، ئەم شەريعەتە حەز ئەكەين ئاوا هەموو كەس بيكاتە عيلميك (نوربى) لەدليا بەقەناعەتەوە بزانى كەهەموو فەرموودەيەك هەموو ئايەتيك بەرژەوەندى ئينسان و كۆمەلى تيايە وەئينسان دوور ئەخاتەوە، كۆمەل دوورئەخاتەوە لە زەرەرو زيان. وەرە سەر حەج دوو مليۆن كەس سالانە دەچن بۆ حەج، دوو مليۆن كەس بەچى چوون؟ بەفرۆكەو بەپاپۆرو بەسەيارەو... هتد چەند هەزار كەس سوودى وەرگرتووە لەگواستنەوەى ئەم دوو مليۆن كەسە؟ بۆتە مايەى رزق و رۆزى چەند هەزار كەس، ئەم دوو مليۆن كەسە نان ئەخۆن چەند هەزار كەس سوودوەر ئەگرى لەفرۆشتنى ئەو خۆراكە لەلينانى ئەو چيشتە گەياندنى ئەو خۆراكە بەو دوو مليۆن كەسە، جگە لە خزمەتەكانى تر خواى گەورە لەقورئانا دەفەرمووى: (ليشهدوا منافع لهم)[٧] برۆن بۆ حەج بۆ ئەوەى سوود وەرگرن، سوودى دنياو قيامەت، وەك سوودى رۆحىلەو حالەتە تەوبەيەو ئەو حالەتە خۆشىيەو ئەو شيرينىيە ئيمانيە كەلەكيوى عەرەفاتەوە دەباريتە سەر دلى ئەو حاجيانە جگە لەو دەرس و حەلەقاتى دەرس بەهەموو زمانى ئەوترى ئەوە هەمووى سوودە جگە لەويەكترناسينەى كەلەگەل خەلك و ميللەتانى دنيادا ساز ئەكرىو كەلوپەل ئەكرريت و دەهينريتەوە بۆ مال و منال و دۆست و ناسياو.

وەرە سەر زەكات پارەيەكى راستەوخۆيە ئەيدەى بەموحتاج ئەويش لەخزمەتى كۆمەلدايە، پيغەمبەرى خوا ﷺ چەند درهەميكى بينى بۆنيكى خۆشى پيوە بوو بە عائيشەى ووت: عائيشە ئەم درهەمانە چين ليرا فەرمووى: يارسول الله ئەمە زەكاتى خۆمە، فەرمووى: ئەى بۆچى بۆنى واخۆشە؟ ووتى: يارسول الله تۆ فەرمووت ئەوەندە موبارەكە پارەى زەكات يەكەمجار دەچيتە دەستى قودرەتى خواى گەورەوە ئينجا ئەچيتە دەستى فەقيرەكە، حەزم نەكرد بى عەتر بچيتە دەستى خواى گەورەوە عەترم پيوە كرد! ئەمە ئەدەبيكە لەئادابى زەكات دان هەر ئەوەنىيە تۆ پارەكە بگەيەنيتە ئەو فەقيرو هەژارە، بەلكو مەرجى هەيە ئەبى شعور وهەستى بريندار نەكەى بلىى براكەم خوشكەكەم ئەمە پارەى تۆيە حەقى تۆيە لاى من تكات لى ئەكەم ليم وەرگرە دەست دائەنىى ئەو ليت وەرگرى، ئەبى دەستى ئەو بەرزتر بى لەتۆ چونكە ئەو ئەبيتە هۆكار بۆ پاك بوونەوەى گوناهت ئاوا زەكات ئەدرى. لەو عيبادەتانەى تر كە فەرز نىيە خيراتە (يا ايها الزين امنوا لاتبگلوا صدقاتكم بالمن والاژى)[٨] ئەى ئيماندارينە خيرو خيراتتان بەتال مەكەنەوە بەمنەت كردن بەعەزيەت دان بلىى هانى!! كاتى پارەكەى دەدەيتى لىى تورە ببيت!! يان بليليتەوە بيكەى بەمنەت بەسەريا!!! بەم جۆرە بەتال ئەبيتەوە.

بروانە ئايەتەكە كە خوا دەفەرموى (لاتبگلوا) واتە بەتالى مەكەنەوە خيرو خيراتتان بەمنەت كردن، ئەو خوايەى كە ئەوى هەژار كردووە بەلەحزەيەكيش وا لەتۆ دەكات ئەگەر بيەوى، لەبەر ئەوە هەچ عيبادەتى تەماشابكەى

---

([٦]) مسند أحمد / باقي مسند المكثرين / رقم (١٢٤٦٩).
([٧]) الحج / ٢٨.
([٨]) البقرة / ٢٦٤.

بەرژەوەندی مرۆڤ بەرژەوەندی تاك و كۆمەلی تیایە، هەر هۆكاریك ببیتە مایەی گەیاندنی حەقیقەتیكی خوایی بۆ دلی ئینسان ئەو هۆكارە دەبیتە هۆكاریكی شەرعیو خوا پیی خۆشە وە بەپیچەوانەش دەبیتە كۆسپ بۆ گەیاندنی، ئەبی بوەستینریو ئەبی لاببری، پیغەمبەری خوا ئەفەرموی ﷺ (المرو على دين خليله فلينڤر احدكم من يخالل)[٩] واتە: مرۆڤ لەسەر دینی هاوریكەیەتی، دەتەماشاكەن بزانن هاوریكانتان كین، لیكۆلینەوەی دەروون ناسی ئەم سەردەمە لەگەل ئەم فەرموودەدایە، بەهۆی ئالوگۆری ئەو خۆشەویستییەوە، مەبدەئیش ئالوگۆر دەكات، ئینجا ئەم حالەتە: حالەتی هاورییەتی سەلبییو ئیجابیشە ئەگەر باش بوو خاوەن دین بوو ئەو باشیەیو ئەو دینەی ئەگویزریتەوە بۆت ئەگەر– نعوڑ بالله – دینەكەی خراپ بوو لاواز بوو ئەو لاوازیە ئەو خراپیە ئەگویزریتەوە بۆ تۆ، لەبەرئەوە خوای گەورە ئامۆژگاری ئەم حالەتانەمان دەكات ئەفەرموی: ﴿واصبر نفسك مع الڑين يدعون ربهم بالغداه والعشى يريدون وجهه ولاتعدو عيناك عنهم تريد زينه الحياه الدنيا﴾[١٠] ئەمە كە فرمانیكە بۆ پیغەمبەری خوا فرمانیكیشە بۆ ئیمە واتە: خۆراگربە، ئارامت هەبی، لەگەل ئەو كەسانە بژی كەروویان كردۆتە خوای گەورە كە هەمیشە زیكری خوا دەكەن وە نازیشیان هەلگرە، چییان ئەوی بۆیان جیبەجی كە لەئایەتیكی تردا ﴿فألف بين قلوبكم فأصبحتم بنعمته إخوانا﴾[١١] ئولفەت و موحیببەتی خستە نیوان ئیوە وە وە ئیوەی كرد بەبرا، برایەتی نیعمەتیكی زۆر گەورەیە برایەتیە پالت پیوە ئەنی بۆ چەندین چاكەكاری لەگەل تاك و لەگەل گشتدا دین بگەیەنی بەو كەسانەی هەستی دینداریان لاوازە، چونكە هەست ئەكەی ئەركیكی سەرشانت جیبەجی ئەكەیت ئەو دینەی بەپوختی پی بگەیەنیت، فەرمانیكی خوایە ﴿ يا أيها الڑين امنوا كونوا انصار الله﴾[١٢] لەقرا ئەیەكیشا ﴿أنصارا لله﴾ ئەی ئیمان دارینە نوصرەتی خوا بكەن واتە: ئایینی خوا سەربخەن، كە بەو شیوە خۆتت سەرخستووە... ئەم سەرخستنە چۆن ئەكری؟ ئەوەی عەقیدەكەی تەواونییە فیری بكە، ئەوەی كە هەلە دەكات هەلەكانی بۆ راست بكەرەوە، ئەوە سەرخستنی دینی خوایە، ئەو مەعریفەتەی كە ئەیزانی ئەوەی كە خوا پیی بەخشیوی، ئەو زانیاریەی كەهەتە بیگەیەنە باكەمیش بی، پیغەمبەر ئەفەرموی: (بلغوا عنى ولو ئيه) وەك لەپیشەوە باسمان كرد. ئەم دینە بگەیەنن بایەك ئایەتیش بزانن، لەهەمان كاتدا دەفەرموی: دووركەونەوە لەو كەسانەی كەخراپن (فأعرڅ عن من تولى عن ڑكرنا ولم يرد الا الحياه الدنيا)[١٣] دووربكەوەرەوە لەو كەسەی لە خوا دوركەوتۆتەوە وە باوەشی كردووە بەدنیا، ئەگینا ئەو نەخۆشیە دەروونیانەی ئەگویزرینەوە بۆ تۆ، لەئایەتیكی ترا دەفەرموی: ﴿ولا تگع من أغفلنا قلبه عن ڑكرنا ويتبع هواه وكان أمره فرگا﴾[١٤] بەگوێی ئەو كەسە نەكەی دلی غافلە لەئیمان، دلی بەتالە لەئیسلامیەت، دلی بەتالە لەناسینی خوای گەورە، دلی بەتالە لەشەرم لەخوای پەروەردگارو دلی بەتالە لەخۆشەویستی خواو پیغەمبەر وەشوین ئارەزوو نەفسی خۆی كەوتووە، بەگوێی نەكەی سەرگەردان ئەبی، هەر وەهالە ئایەتیكی ترا خوای گەورە دەفەرموی: ﴿وقد نزل عليكم فى الكتاب أن إڑا سمعتم ئيات الله يكفر بها ويستهزأ بها فلا تقعدوا معهم حتى يخوچوا فى حديپ غيره إنكم إڑا مپلهم ان الله جامع المنافقين والكافرين فى جهنم جميعا﴾[١٥] واتە: ئەگەر لەدانیشتنیكدا.. لە كۆریكدا.. بەگالتەوە باس لەئایەتەكانی خوا كرا ئەو دانیشتن و كۆرە بەجیبهیلە ئەگینا خوا وەك ئەوان تەماشات ئەكات (ان الله جامع المنافقين والكافرين فى جهنم جميعا)[١٦] ئەوەی وای وتووە بی باوەرە

---

([٩]) بەم شیوەیەی مامۆستا هیناویەتی لە (مسند أحمد) ژمارە (٨٠٦٥)دا هاتووە. بەمەتنی (الرجل....)یش لن سنن الترمذي / كتاب الزهد / رقم (٢٣٠٠) وسنن ابي داود بة ژمارە ى (٤١٩٣) / كتاب الأدب هاتووە.

([١٠]) الكهف / ٢٨.

([١١]) آل عمران / ١٠٣.

([١٢]) الصف / ١٤.

([١٣]) النجم / ٢٩.

([١٤]) الكهف / ٢٨.

([١٥]) النساء / ١٤٠.

([١٦]) النساء / ١٤٠.

کـه تـۆش دانیشـی لەگـەڵیان دووڕوو دەبیـت خـوای گـەورە بـێ بـاوەڕ و دووڕوو بەیەکـەوە کۆدەکاتـەوە لـەناو دۆزەخـدا.. تێبینـی‌یـەکی گرنگ: گوفتوگـۆ کـردن و پـەیڤین (حیـوار) شـتێکی چاکە ئەگـەر لەئاسـتی زانسـتدابێ، بەلۆژیك بە (کتاب منیر) ئەمە پـەیڤینی(بالتی هـی احسن)[١٧]ە ئەمە ڕاگۆڕینـەوەی شـەرعیە، مـن دێم لەگـەڵ هـەر کەسـێکا کەبیـەوێ (حیـوار) بکـا ئـەم سسـتەمەمەعریفیەی خۆمـی بـۆ ئەکەمـەوە وەك کتێبخانەیـەك، ئـەویش ئەیکاتەوە، ئاڵوگۆڕی ئەم زانست و زانیاریە ئەکەین بزانین حەق لای کێیە، بەڵام ئەو بیەوێ سیستەمە پیرۆزەکەی ناوەوەی من دەستکاری بکات، من نایەڵم تۆش ئەبێ نەیـەڵی، هـەندێ شـت هەیـە پیرۆزە دانانـەوێ بۆ ململانـێی جەدەل و لێکۆڵینەوە.

---

([١٧]) النحل / ١٢٥.